www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 7:36 6-10-2006

## یادێک لە بیرۆکەی " دروووستکردنی گڵکۆی پێشمەرگەی نەناسراو" ... د. کاوە ئەمین- ئەمەریکا

پێشمەرگە، کە نیشانەی خەبات و تێکۆشانی چەندین ساڵەی گەلی کوردستانەو، لەپێناو رزگاریی نیشتیمانیدا گیانی خۆی بەخشیوە؛ خۆشەویسترین مرۆڤی مێژووی پڕ سەروەریمانە.

هەر پێشمەرگە بووە کە خۆبەخشانە و بێ گوێدانە هیچ دەستکەوتێکی تایبەت، سەروماڵ و ژیانی خۆی کردۆتە قوربانی شۆڕش و خەباتی گەلەکەمان و تا ئێستاش ئامادەی خۆبەخشینە. (1) .

لە رۆژی 1-6-2005 دا، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکیەتیی نیشتیمانی کوردستان، چوون بۆ گوندە دێرینەکەی هەڵمەت و قوربانی " گوندی سەرگەڵو" لەوێ بەخۆشحاڵیەوە بەردیبناغەی مۆزەخانەیەکیان بۆ پێشمەرگە دێرینەکان دانا. ئەم بەردیبناغەی مۆزەخانەیە تەنها بۆ رێکلام بوو کە لە کوردستانی نوێ بڵاو کرایەوە (2) .

ئەم بیرۆکەیە لە لایەن هاوڕێی نووسەر" کاك شاهۆ تۆفیق" (دانیشتووی ئەڵمانیا) وە نووسراو، پاشان کۆمەڵێك کەسی ئەکادیمی، نووسەر، هونەرمەند، وە چەندین ڕێکخراوی حیزبی و بێلایەن، لە کوردستان و دەرەوە پشتگیریان لەو بیرۆکەیە کردو، لە بڵاوکراوەیەکدا (کە لە هەفتەنامەی هاوڵاتی، ژمارە 178 لاپەڕە 2، لەڕۆژی 16-6-2004 دا بڵاوکرایەوە) داوای جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیەیان کرد. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پارتانە (یەکیەتیی نیشتیمانی و پارتی دیمکراتی کوردستان و پارتەکانی دیکەش لەپێناو بەرژەوەند خۆیان باسی پیرۆزی پێشمەرگە و شەهیدان دەکەن، لە هەمان کاتدا کە ئامادە نین گڵکۆیەکی پێشمەرگەی نەناسراو بۆ ئەو قارەمانانە دروست بکەن!!

ئێمە ئاواتەخوازین کە "گڵکۆ و مۆزەخانەیەکی گەورە" دروستبکرێ بۆ هەموو پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان، ئەوانەی لە پێناو سەربەخۆیی نیشتماندا شەهید بوون. هیوادارین پەرلەمان و ئەم حکومەتە نوێیە بەم کارە هەڵسن و لە هەر شوێنێکی کوردستاندا بە شێوەیەکی مۆدێرن ئەو کارە بکرێ. چونکە ئەگەرچی ئەوەی بۆ پێشمەرگە و شەهیدە قارەمانەکان کراوە و دەکرێت مافی خۆیانەو شایستەی لەوە زیاترن، بەلام هێشتا زۆر شتی ترماوە کە پێویستن بۆ بەرز ڕگرتن و بەپیرۆزی هێشتنەوەی ناوی پێشمەرگەو شەهیدان.

هیوادارین گڵکۆی پێشمەرگەی نەناسراو" بە گەورەیی لە کوردستاندا دروووستبکرێ تاببێتە هێمایەك بۆ شەهیدان، لە پاڵیشیدا مۆزەخانەیەك هەبێت بۆ پاراستنی کلتووری شۆڕش، کە وەك دامەزراوێکی فراوان ببێتە سیمبۆڵی بەرجەستەکردنی خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان. لەهەمان کاتیشدا ببێتە جێگایەك بۆ سەردانی هەموو ئەو کەسانەی رێز لەڕابردوومان دەگرن و تاجە گوڵینەیەك لەسەر ئەو گڵکۆیە دادەنێن.

دووبارە هیوادارین کە لێپرساوانی کوردستان ئەم کارە بهێننە بەرهەم و، هاوکارمان بن لە خەملاندنی ئەو بیرۆکەیەی کاك شاهۆتۆفیق، تا هەرچی زووە ئەرشیفی دەوڵەمەندو پڕ سەروەریی پێشمەرگە لە دامەزراوێکدا بەرجەستەبکرێ و لەترسی بیرچوونەوە بپارێزرێت. بۆ ئەوەی نەوەکانی پاشەڕۆژ بەشانازیەوە باسی لێبکەن.

شەکاوەبێت ئاڵای سەربەخۆی کوردستان، نەمربن شەهیدان، بژی پێشمەرگە.

سەرچاوە:

1- پشتگیریکردن لە بیرۆکەی دروووستکردنی "گڵکۆ و مۆزەخانەی پێشمەرگەی نەناسراو" (هاوڵاتی: ژمارە 178 لاپەڕە 2، ڕۆژی 16-6-2004 بڵاوکراوەتەوە.

2- کوردستانی نوێ، لاپەرە 1، ژمارە 3687، 2005/6/2

دکتۆر کاوە ئەمین
kawa. amin@medsic. uu. se
2006-10-5